www.kurdistannet.org
15-6-2003 0:04

# كوردو به ديموكراتيزەكردنی كۆمەڵگای كوردی

**كامەران مەنتك**
kamaranmantik@yahoo. co. uk

كورد و كۆمەڵگای دیموكراسی ئێمە كاتێك باس لە دیموكراسیەت دەكەینو حاڵی پێوە دەگرین ،خەریكە دیموكراسیەت خۆی وەكو سیستەمێكی فەرمانڕەوایی كردن ،ل قۆناغەی مرۆڤایەتیدا زەمەنی بەسەر دەچێت ،چونكە جیهانگیری كاریگەرییەكی راستەوخۆو مەترسیداری كرۆدتە ەمسەر ئەو سێ دەسەڵاتەی) ،یاسادانان ،جێبەجێ كردن ،دادگا (كە بە ئەستوندەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی كردنی دیموكراتی دەژمێردرێت .بەشێوەیەكی وا كە هیچ یەكێك لەم دەسەڵاتانە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا ،ناتوانێ وەكو پێویست سەربەخۆو كارەكانی بە جۆرێك ئەنجام بدات ،كە دە ساڵ بەر لە ئێستا دەیتوانی ئەنجامی بدات .ئەمڕۆ بەشێوەیەكی سەرەكی فەرمانڕەوایی كردن ،بۆتە فەرمانڕەوایی كردنی بازاڕ ،كۆمپانیا فرە رەگەزەكان ،خەریكە بە هۆی بە یەك بازاڕبوونی جیهان ،لە رێگای یاسای خواستو خستنەڕووەوە ،حوكمی ئەو ناوچانە دەكەن ،كە چالاكییەكانی تیادا ئەنجام دەدەن ،كە ئەمانە هەروەك چۆن كاریگەریان لەسەر دیموكراسیەتدا هەیە ،هاوكات كاریگەریان لەسەر گیانی نەتەوەییو ئینتیمای نەتەوەییدا هەیە . .

كەواتە ئێمە باس لە شتێك دەكەین ،لە راستەقینەدا خەریكە زەمەنی بەسەر دەچێت ،كەچی لە عەقڵی سیاسەتمەدارەكاندا تا ئێستا باشترینو بەرهەڤترین دروشمە بۆ ئەوەی گەلانی پێ فریو بدەنو پاساوی سیاسەتەكانی خۆیانی پێ بهێننەوە ،ئاوازێكی لە باریشە لە لایەن زلهێزەكانەوە بۆ ئەوەی خۆیان لە كاروباری وڵاتان هەڵقورتێنو بەو ناوەوە فەرمانڕەوایی بەسەر جیهاندا بكەن .هەر چۆنێك بێت ئێمە كاتێك باس لە دیموكراسیەت دەكەین ،پێویستە لە دوو روانگەوە سەیری ئەم زاراوە بكەین .بەشێوەیەكی تر ئەم زاراوەیە پەیوەندی بە دوولایەنەوە هەیە ،لایەنی فەرمانڕەواو لایەنی بەرفەرمان (حاكمو محكوم (بەم دوو لایەنە یەك یەكە پێك دەهێنن ،كە دەتوانین پێ بڵێین كۆمەڵگایەكی دیموكراسی ،یاخود هەر ناوێكی تری لــێ بنێن .كە باس لە كۆمەڵگا دەكرێت ،ئەم دەستەواژەیە پەیوەندی بە جۆرە پیشەسازییەكەوە هەیە ،ئەویش پیشەسازی سروشتی مرۆڤەكانە ،كە ناتوانرێ بە ساڵێكو دوو ساڵ حسێوی بۆ بكرێ ،بەڵكو دەیان ساڵی گەرەكە ،هەوڵدان بۆ دروستكردنی جۆرە سروشتێك ،جۆرە دەروونێك ،كە بتوانێ یەكتر قەبوڵ بكاو بە دەمارگیرییەوە مامەڵە لەگەڵ بۆچوونەكان نەكات ،زەمەنێكی پێویستە ئەمەش بە دەركرنی یاساو بڕیاری سیاسی نابێت ،چونكە ئەم پرۆسەیە هەردوولای تای تەرازووەكە دەگرێتەوە ،كە دەكاتە دەسەڵاتی سیاسیو گەل .بۆیە ئێمە كە باس لە پرۆسەی دیموكراسیو هەنگاونان بەرەو دیموكراسیەت دەكەین لە كوردستاندا ،پێویستە لەو دوو روانگەیەوە سەیری بكەین ،دەربارەی لایەنی یەكەم ،كەوا گەلی كوردستانە ،ئەوا دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ لە كوردستاندا ،بەهۆی ئەوەی زۆربەی رووداوەكان ،كاریگەریو هۆكارە دەرەكی زێتر پێوە دیارە ،بەشێوەیەكی گشتی وەك زۆربەی گەلانی وڵاتە دواكەوتووەكان لە سفر دراوەو لاتەریك بووە ،وەكو بوونەوەرێكی سەرلێشواو رەفتار دەكاو رۆڵێك لە هاوكێشەكاندا نابینێت ،یاخود رۆڵی لە هاوكێشەكەدا یەكجار كزو لاوازە ،سەرباری ئەمە ،ئەو نەوەیەی ئەمڕۆش لە كوردستاندا دەژی ، هەڵگری كلتورو رۆشنبیرییەكی وایە ،مۆركی ئەقڵیەتی دوژمنانی كوردی بە ئاشكرا پێوە دیارە ،كە ئەمەش دەرئەنجامێكی ئەو هەوڵانەیە كە رژێمە داگیركەرەكانی كوردستان ،بە دەیان ساڵ بەر لە ئێستا نەخشەو پلانیان بۆ كێشاوەو جێبەجێ یان كردووە .بە داخەوە مرۆڤی كورد ،لە رۆژگاری ئەمڕۆدا نموونەی مرۆڤێكی بێ ورەو ئەژنۆ شلە ،لە ماوەی ئەم دە ساڵەی ئازادیدا ،سستی سەركردایەتی كوردو هەڵسوكەوتی حزبە كوردییەكان ،كاریگەرییەكی زۆر نێگەتیڤانەی لەسەر گیانی نەتەوەییو هەستی نەتەوایەتی كردووە ،مرۆڤی كورد لە ئەنجامی ئەم تاقیكردنەوە تاڵانە كەسایەتی راستەقینەی بە تەواوەتی لە دەستداوە ،یاخود پشتگوێی خستووەو كاری پێ ناكات ،ئەو رووداوە تراژیدیو ئەو گۆڕانە كتو پڕانەی لە كوردستان روو دەدەن ،وایكردووە كە ئەم مرۆڤە لە ژیانی رۆژانەیدا لە مامەڵەكردن لەگەڵ دەوروبەریدا ،كە مەبەستمان لە دەسەڵاتە سیاسییەكەیە ،ئەو دەسەڵاتەی كە پەیوەندی راستەوخۆی بە دیموكراتیزەكردنی كوردستان هەیە ،هەمیشە مامەڵەكردنێكی ئەكتەرانە (بە واتە هونەرییەكە (ی بێت، تەنیا لە پێناو مانەوەدا بە گوێرەی رووداوەكان خۆی بگونجێنێو هەر رۆژەی رەنگێگ بپۆشی ،ئەم هەڵوێستەش ،چەند مەترسی لەسەر پرۆسەی دیموكراسی هەیە لە كوردستان ،هێندەش زێتر مەترسی لەسەر چارەنووسی مانەوەی دوارۆژی كورد وەكو نەتەوەیەك هەیە ،ئەمە وا دەكات كە كلتوری كوردی ،گیانی خۆ

بەدەستەوەدانی لەلا دروست ببێت ،لەو زەمەنەی کە دادێت، ئاسانتر لەنێو کلتوری گەلانی تر بتوێتەوەو مۆرکی رەسەنی خۆی لە دەست بدات .ویست لە دەستدان لە لایەن مرۆڤی کوردەوە ،وا دەکات نەتوانێ سوود لە مافەکانی خۆی وەربگرێت ،تەنانەت جورئەتی ئەوە نەکات کەوا کەمترین ئازادییە یاساییەکانی خۆشی بەکاربهێنێت ،ئەمە نەك تەنیا بۆ مرۆڤی کورد ،بەڵکو بۆ گەلانی دەورووبەروو رۆژهەلاتی ناوەندیش بە گشتی گونجاوو راستە ،کەواتە چۆن دەتوانرێت باسی دیموکراسی لای گەلێك بکرێت کە ویستی خۆی لە دەستداوە ،رێگادان یاخود راستتر گوێ نەدان و بایەخ نەدان بە هەندێك کاردانەوە بەرامبەر رووداوە کاتییەکان ،واتای پرۆسەی دیموکراسی ناگەیەنێت ،بەڵکو واتای بێ سیستەمیو بەرەڵایی دەگەیەنێت ،چونکە کاری دیموکراسی پێویستی بە رێکخستنێکی کۆمو پتەو داو دەزگایی هەیە ،لای گەلێك چۆن دەتوانرێ باس لە دیموکراسیەتو پرۆسەی دیموکراسی بکرێت ،کە بەشێکی زۆری ئەندامانی توانای ئەوەی نەبێت ،بە کرۆکی کەسایەتییە راستەقینەکەی خۆی بجولێتەوە!! . .؟

ئاشکرایە کەوا کۆمەلگای ئێمە لەم سەردەمەدا بۆ سەر چەند پارتو لایەنێك دابەش بووە ،کە هەر یەکێك لەم پارتانە ،بەتایبەتی پارتە سەرەکییەکان ،ئەگەرچی خاوەنی چەندین ساڵە لە خەباتن دژی داگیرکەرانی کوردستان ،هاوکات مێژوێکی نێگەتیڤانەشیان لە شەڕی براکوژیدا هەیە ،ئەو شەڕەی کە رۆڵی یەکجار گەورەی بینوە لە پەیداکردنی گیانی بێ هودەییو نائومێدی ،کە ئەمەش بەپێی خۆی شیرازەی کەسایەتی مرۆڤی کوردی تێکداوە ،راستە رۆژانە بانگەشە بۆ دیموکراسیەت دەکرێت ،بەلام دیموکراسیەت لەو روانگەیەوە کە ئەوان دەیبینن ،لەو خاڵەی کە لە گەڵیاندا یەکنەگرێتەوە هێڵە سوورەکە دەست پێدەکات ،هەر کاتێك ویستت بە کەسایەتی راستەقینەی خۆت رەفتار بکەیتو وەك بوونەوەرێکی سەربەخۆ بجوولێیتەوە ،با ئەو رەفتارو جوولانەوەیەشت لەپێناو بەرژەوەندی بالای گەلەکەتدا بێت ،بارەکە بە شێوازێکی تر وەردەچەرخێ !!

راستە ئێمە ئەگەر باری ئێستا بەراورد بکەین لەگەڵ ساڵانی بەر لە راپەڕین ،زۆر گۆڕان روویداوە ،بەلام گەورەترین هەڵە ،تەنانەت دەگاتە رادەی خیانەتیش ئەگەر ئێمە بەراورد لە نێوان ئەو دوو مێژووەدا بکەین ،تاوانێکی گەورەیە دەسەلاتی سیاسی کوردی لەگەڵ دەسەلاتی دوژمنان بەراورد بکرێت .دەسەلاتی کوردی دەسەلاتێکە بەلایەنی پۆزەتیڤو نێگەتیڤ هەلقولاوی نێو ئەم میللەتەیە ، دەسەلاتێکی خۆماڵییەو مۆرکێکی نەتەوەیی پێوەیە ،بۆیە کاتێك رەخنەکان ئاراستەی دەسەلاتی سیاسی کوردی دەکرێت ،دەبێت لەم کلاو رۆژنەیەوە بێت . .نەك هیتر . . .بۆ گەشەپێدانو پێشوەبردنی پرۆسەی دیموکراسی ،دەبێ یاسایەك هەبێت پراکتیزە بکرێت .دەبێ ئازادییەکان لە چوارچێوەیەکی یاساییەوە رێکبخرێن ،بەشێوەیەك کە بتوانرێ فراوانترین بوار بۆ رەفتارو هەلسوکەوتی هاوولاتیان مسۆگەر بکات ،بەبێ ئەوەی زیان بە بەرژەوەندی و ئازادی کەسانی ترەوە بگەیەنن ،ئەم جۆرە یاسایە تا چەند لە کوردستاندا هەیە؟ ئەمە پرسیارێکەو ئاو زۆر هەڵدەگرێ ،هەتاوەکو ئێستا لە کوردستان ئەگەر یاساکانی دوژمنانی کوردیش بەشێوەیەکی راستەوخۆ پراکتیزە نەکرێت ،ئەوا بێ هیچ گومانێك ئەو یاسایانە بنەمایەکن بۆ دانانی یاساکان لە کوردستانو کاریان پێ دەکرێت .واتە یاساکانی دوژمن سەرچاوەیەکی سەرەکین بۆ یاساکانی ئێمە . . .پاشان ئەم کەسانەی کە لە پەرلەمانی کوردستاندانو یاسادا دەرێژن ،تا چەند خەڵکی تەکنوکراتنو شارەزاییان لەم بوارەدا هەیە !لەگەڵ ئەوەش گریمان پەرلەمانی کوردستان توانی کۆمەڵێك یاسای باشو هاوچەرخانە دەربکات ،ئەم یاسایانە تا چەند بواری جێبەجێ کردنو پراکتیزەکردنیان بۆ دەرەخسێ ،یاخود ئەو دامو دەزگایانەی کە ئەمرۆ لە کوردستاندا هەن ،تا چەند لە ئاستی جێبەجێکردنی ئەم جۆرە یاسایانەدان!؟؟ کە دەڵێین دامو دەزگا بە تەنیا مەبەستمان شوێنو کەلو پەلو بینایەکان نییە ،بەڵکو ئەو گیانانەشن کە ئەو دەزگایانە بەرێوە دەبەن ،ئایا ئەو گیانانە دەرچووی چ جۆرە پەروەردەیەکن !تا چەند دەتوانن یاساکان لە پێناو بەرژەوەندی گشتیداو بۆ مەبەستی دانراوی خۆی بەکاربهێنن !با گریمانی ئەوەش بکەین کەوا یاساکان بەوپەڕی توانایشەوە جێبەجێ کران بەشێوەیەکی هاوچەرخانەش مامەڵەیان لەگەڵ ئەو مافو ئازادییانە کرد کە لە یاساکاندا دیاری کراون ،بەلام ئایا لە لایەن کۆمەلگاوە ،واتە ئەو زەمینەیەی کەوا ئازادییەکانی لەسەر پیادە دەکرێت ،هۆشمەندی سیاسی لە چ ئاستێکدایەو بە چ شێوازێك مامەڵە لەگەڵ ئەم کردارانەدا دەکات . .؟!

لە راستیدا وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری تری لەم بابەتە ،لە روانگەیەکی واقیع بینانەو وردبوونەوە لە باری ئەمرۆی کوردستان ،مرۆڤ دووچاری نیگەرانیو پاشا گەردانیەك دەکات . .ئەو فرە رۆشنبیریەی لە کوردستاندا هەیە ،بەداخەوە بۆتە سۆنگەی ئەوەی کە جیاوازییەکی بنەڕەتیو زۆر گەورە لە بیروباوەڕەکان دروست بێت ،کە ئەگەر ئەمەش بۆ کۆمەلگایەکی پێشکەوتوو خاوەن

دامو دەزگایەکی پتەوو کۆك تارادەیەك ئاسایی بێت ،بۆ کوردستان ئاسایی نییە ،لەبەر ئەوەی ئاستی هۆشمەندی زۆرینەی گەلی کورد ، نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە ئەمەی بەشێوەیەکی هێمنانەو ئەقڵمەندانە بۆ هەزم بکرێت ،مەبەستمان لەو جیاوازییە هۆشمەندییە لەوەنییە کە لە نێوان حزبێكو حزبێکی تردا هەبێت .بەڵکو ئەو جیاوازییانە لە نێو خودی یەك حزبیشدا بە زەقی بەدی دەکرێت ،ئەمەش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ،کەوا حزبەکانمان بە عەلمانیو ئایینییەکانیانەوە ،زێتر لە عەشیرەتێکی سیاسی دەچن وەك لە حزبێکی سیاسی ، رێکخستنو دیسپلینی نێو ئەو حزبانە زێتر لەسەر بنەمای خزمایەتیو پەیوەندی کەسیەتین ،لەوەی کەوا ئایدۆلۆژیەکی هاوبەش بەیەکەوەی بەستبنەوە ،هەریەك لە ئەندامەکان لە روانگەی خۆیو بە گوێرەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوە دەڕوانێتە بڕیارەکانی حزبەکەی ،بە شێوەیەکی وردتر دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ لە کوردستاندا حزبایەتی بۆتە باشترین ئامراز بۆ کاسبیو نان پەیداکردن ،لاوازبوونی حزبەکان لە رووی پێکهاتەییەوە بەم چەشنە ،بۆتە سۆنگەی لاوازکردنی دەسەڵاتی سیاسی کوردیش . .لەبەر ئەوەی حزبەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆو ناراستەوخۆ ئەو دەسەڵاتە بەڕێوەدەبەن . .ئەو دەسەڵاتەی کە ئەرکی پەروەردەکردنو بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردستانی کەوتۆتە ئەستۆ !دەسەڵاتێك کە ئادگارو سیماکەی ئاوابێت ،چۆن دەتوانن دام ودەزگای وا سەردەمانە بەڕێوەبەرن ،کە بتوانێ کۆمەڵگای دواکەوتوو بخاتەوە سەر رەوڕەوەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی !بە هۆی لاوازی ئەم دەسەڵاتەوە ،دامو دەزگاکانیش دووچاری گەندەڵییەکی ئیداری ترسناك هاتوون ،بەرادەیەکی وا کە هەڕەشە لەم ئەزموونە مێژوییەی کورد دەکەن .لاوازی دەسەڵاتی کورد ،یاخود لاوازی مەرکەزی بڕیار لە کوردستان ،بۆتە هۆی زاڵبوونو بەسەرکەوتنی رۆشنبیری دژ بە پێشکەوتن ،خەریکە بەشێوەیەکی ترسناك ،بەبێ ئەوەی هەست پێ بکەین بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە ،ئێستا دام ودەزگاکانی کوردی گیانێکی مردوو ،کە تەپو تۆزی رۆژگاری بەعسی ،لێ نە تەکاندراوە ،بەڕێوەی دەبەن ،ئەو گیانەی کە مۆرکی ئەنفالو کۆکوژیو دیکتاتۆریەتی پێوەیە !ئەم لاوازیەی دەسەڵاتی کوردی ،نەك بە تەنیا لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی دوایىدا بەڵکو لە ماوەی یانزە ساڵەی ئازادبوونی کوردستان .نەیتوانیوە ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئەو بارە دروست بکات ،هەوڵبدات کە نەوەیەکی وا بێتە بەرهەم کە هەڵگری رۆشنبیریو ئەقڵیەتێکی دیموکراتخوازانە بێت ،نەك هەر بەمەش رانەگەیشتوە ،بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ،لە رێگای ئەو دەزگایانەوە ،دژایەتی هەموو هەوڵێکیش دراوە ،کە مەبەستی بووە ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئەم بارە دروست بکات! . .

ئەمانە راستەقینەی تاڵنو پێویستییان بە چارەسەرکردن هەیە ،بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە ،کە پێویستە ئەم بارە تارادەیەك بە ئاسایی تێ بگەین ،کۆمەڵگای کوردستان لە قۆناغی گواسترانەوەدایە ،لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر .لە قۆناغی داهێزرانو کەوتنەوە ،بۆ قۆناغی هەڵسانەوەو بنیاتنانەوە ،ئەم بارە ئەوە دەردەخات ،کە ئەو دامو دەزگایانەی ئەمڕۆ لە کوردستاندان ،یا دەبێ چاکسازی لە خۆیاندان بکەنو خۆیان بگەیەننە ئاستی پێشکەوتنەکان ،یاخود بەبێ دەستی خۆیان دەبێ شوێن بۆ هێزی تر چۆڵ بکەن ،کە نەوەی تر دێتە کایەوەو دروستی دەکات ،چونکە ئەمبارە پەیوەندی بە حزبێكو دووانەوە نییە ،بەڵکو پەیوەندی بە کۆمەڵگایەکی گەورەوە هەیە ،کە کۆمەڵگای کوردییە .رەنگە کۆمەڵگای کوردی ،توانای پێشکەوتنی لە کۆمەڵگاکانی دەوروبەرمان زێتر بێت ،هەروەکو مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە توانای مانەوەی لە زۆر لە گەلانی دەوروبەر زۆرتر بووە ،کە بە درێژایی مێژوو لەو ناوە بوون ،پاشان تواونەتەوەو نەماون .بۆیە ئێمە هەرگیز نابێت ئەو ئەزموونەی خۆمان لەگەڵ ئەوان بەراورد بکەین .رەنگە بەم بەراورد کردنەش زیانێکی گەورەمان لەم ئەزموونە دابێت، ئەگەر جوولەکەکان چاویان لە عەرەبەکانی دەوروبەریان بکردبوایە ،خۆیان لەگەڵ ئەوان بەراورد بکردایە ئەوا هەرگیز نە ئەو پێشکەوتنەو دیموکراسیەتەیان بەخۆیانەوە دەبینی ،نەدەبوونە ئەو هێزە ئابووریو سیاسیو سەربازییەی کەوا نەك هەر لە ناوچەکە ،بەڵکو لە هەموو جیهاندا رۆڵی بەرچاوو گەورە بگێڕن ،بۆیە ئێمە لەو قۆناغەدا کە ئاسۆیەکمان بەرروودا بۆتەوەو هەلێکمان بۆ رەخساوە ، پێویستە لە روانگەی نەتەوە هەرە پێشکەوتووەکانی دنیاوە سەیری خۆمان بکەین .تاوەکو بتوانین هەردەم بەرەو لوتکە هەلزنێین ،نەك بەرەو خوار واژی بینەوە . ،هەرچی دەربارەی ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵگای کوردستانە لە پرۆسەی دیموکراسیەت ،ئەوا بابەتێکی تارادەیەك بەرفراوانە !لەبەر ئەوەی ئێمە کۆمەڵگایەکمان نییە ،بە واتا سیاسەییەکەی ناوی کۆمەڵگای کوردستان بێـت ،بەڵکو ئەگەر بکرێ ،دەتوانین بڵێین چەند کۆمەڵگایەکی کوردیمان هەیە ،رەنگە ئەم وەڵامە ئەگەر هەڵوەستەیەکی لەسەر نەکرێتو بە وردی مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت ،خەڵکانێك نیگەران بکات !ئاشکرایە دوای دابەشکردنی کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتێك کە هەریەکەیان رەگەزێکی جیاو دەسەڵاتێکی سیاسی جیا لەوەی تر بەڕێوەی دەبات پارچە پارچە کردنێکی ژیاریو رۆشنبیریو سیاسی ترسناکی لە نێو کۆمەڵگای

کوردستان دروست کردووە .بۆتە سۆنگەی ئەوەی هەر بەشێك ،یاخود هەر پارچەیەك لە کۆمەڵگا گەورەکەی کوردستان مۆرکی سیاسەتی ئەو رژێمەی پێوە بێت ،کە لە سەریدا پیادەکراوە !کوردەکانی تورکیا بوونە هەڵگری جۆرە فەرهەنگێك ،کوردەکانی عێراق جۆرە فەرهەنگێکی تر ،هی رۆژهەلاتو رووسیاش فەرهەنگی جیاواز ،کە ئەمە وایکردووە ،جۆری تێگەیشتنیان بۆ مەسەلەکان جیاوازبێت ،بۆیە ئاستی تێگەیشتن لە پرۆسەی دیموکراسیەت لە پارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی تر دەگۆرێت .

دەربارەی ئەو پارچەیەی کوردستان کە لە ژێر دەسەلاتی سیاسی کورددایە ،ئەوا هەمدیس دووچاری تەنگژەو تێکەلاوییەك دەبین یەکێك لە گیروگرفتە هەرە ترسناکو گەورەکان تووشی کۆمەڵگای کوردبووە ،جیاوازییەکی یەکجار زۆرە لە ئاستی رۆشنبیریدا ،زۆر ناوچەی کوردستان ،بەتایبەتیو شاخاویو دەشتاییە دوورە دەستەکان ،واتە ئەو ناوچانەی لە دەرەوەی شارو شارۆچکەکاندا دەژین ،تارادەیەکی زۆر شێوازی کۆمۆنەی بەرایی پێوە دیارە ،کەچی لە شارەکاندا خەڵکانێك هەن خەریکی جیهانگەراییو بە دیموکراتیزەکردنی کوردستانن ،ئەم جیاوازە زۆرە لە یەك نەگەیشتنێکی هێناوەتە ئارا ،بۆیە جۆرە ئالۆزیەك لە مامەڵەکردندا پەیدا بووە ،ئەو ئالۆزییە کەوتۆتە ناو خودی حزبەکانیش . .

لە راستیدا ململانێی لە نێوان ئەقڵیەتی شارو لادێ بۆتە گرێ کوێرەیەکی ئالۆزو ترسناك لە مێژووی نوێی کورددا ،لەبەر ئەوەی کوردستانیش ولاتێکی شاخاوی، هاوکات کشتوکاڵیشە بۆیە بەشێکی زۆری ناوچەکانی لادێو گوندنو ژمارەی شارەکان ،لەچاو قەبارەی کوردستان کەمە ،ئەمە وایکردووە کە رۆشنبیرەکانی شار ،هەر هەولێکیان دابێت بۆ خەباتو شۆرشکردن ،دواتر هێزی لادێیەکان بە سەریدا زالبووەو چۆکی پێداداوە ،ئەمەش هۆیەکی گرنگە لەوەی تاوەکو ئەمرۆ کورد وەکو نەتەوەیەك نەیتوانیوە یەکگرتنێکی پێویست بە سەردەم بخولقێنێ ! . .رەنگە ئەویش بگەرێتەوە بۆ کەمیو قووڵ نەبوونی ئەو رۆشنبیرییەی لای رۆشنبیرەکانی شار هەبووە ،کە نەیانتوانیوە وەکو پێویست لە پێکهاتەی کۆمەڵگایەکەیان بگەنو بەشێوەیەکی شیاو مامەڵەی لەگەڵدا بکەن ،تەنانەت زۆر جاری وا هەبووە ،ئەوانیش وەکو بەرامبەرەکەی ،بەشێواوتریش رەفتاریان کردووە .

لە پاڵ هەموو ئەو کەمو کوڕییانەشدا ،بە هۆی ئەوەی کورد گەلێکی چەوساوەو بە درێژایی مێژوو زوڵمی زۆر گەورەی لێکراوە ،ئەمە وایکردووە کە کەشو هەوایەك هەردەم لە ئارادا بێت بۆ گەشەسەندنی دیموکراسیەت ،ئەگەر هەڵەی سیاسی حزبەکان نەبوایە ،ئەوا لە سەرەتاکانی راپەریندا ،گیانێکی یەکتر قەبوڵکردنو لە یەکتر بوردن ،رەگی خۆی داکوتابوو ،کە ئەمەشیان لایەنێکی گرنگە بۆ سازادانو خۆشکردنی زەمینەی دیموکراسیەت ،هەر چۆنێك بێت دەتوانین بلێین ئەگەر ئاستی تێگەیشتنی پرۆسەی دیموکراسیەت لە کوردستان وەکو پێویستیش نەبێت ،ئەوا زەمینەیە ،بەتایبەتی لە دەرەوەی حزبەکاندا لە ئارادایە ،کە رێگا خۆشکەرێکە بۆ گەشەسەندنو پێشەوەچوونی دیموکراسیەت لە کوردستاندا .دەبێ دڵنیابین لەوەی دەوڵەمەندکردنو بەرفراوانکردنی پرۆسەی دیموکراسیەت ،بەر لە هەموو شتێك پێویستی بە بلاوبوونەوەی هۆشمەندییەکی دیموکراسیی هەیە ،بلاوبوونەوەی ئەو هۆشمەندییەش پێویستی بە جۆرە پەروەردەکردنێکی تایبەت هەیە ،کە بەدڵسۆزییەوە هەوڵبدات دەروونەکان بە گیانی دیموکراسیەت گۆش بکات .ئەم جۆرە پەروەردەکردنەش ،مەرج نییە دامودەزگایی بێت ،واتە تەنها دەسەلاتی سیاسی لە رێی بەرنامەیەکی دارێژراوەوە ئەوە بکات ،چونکە ئەوەی گومانی تیانییە ،ئەو جۆرە پەروەردەکردنە ،جۆرە حزبایەتی کردنێکی تەسکی پێوە دەبێت ،بەتایبەتی روانگەی حزبی دەسەلاتدار ، کە رەنگە لە هەندێك کاتدا زیان بەو پرۆسەیە بگەیەنێت ،دەشێ پەروەردەکردن لە لایەن خودی مرۆڤەکانەوە بێت .گەنجی کورد، نەوەی نوێ ئەوانەی کە دوای راپەرین لە دایك بوونو بەشێوەیەکی راستەوخۆ نەکەوتوونەتە بن کاریگەری ئەقڵی دوژمن ،هاوکات فێری ژیانی کەشو هەوایەکی تارادەیەك بۆنی ئازادی لێهاتووە بوون ،ئەوانە بە دڵسۆزییەوە خۆیان بە رۆشنبیری هاوچەرخ پەروەردە بکەن ،دەبێ کەسانی خاوەن ئەزموونو رۆشنبیری راستەقینەش لەم بوارەدا رۆڵی خۆیان بگێرن ،بەم چەشنە لە نێو ئەم ئەقڵیەتە کۆنە ،هەوڵبدرێت ئەقڵیەتێکی تارادەیەك نوێو دوور لە تەمو مژی رابردوو لە دایك بێت ،ئەمە ئەرکو بەرپرسیاریەتیەکی مێژووییە دەکەوێتە ئەستۆی نەوەی نوێ ،ئەویش تا چەند لە ئاستی ئەم بەرپرسیاریەتیەدا دەبێت ،ئەوا دوارۆژ بۆمانی روون دەکاتەوە .

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**